# له ژێر سیبەری باڵەکانتدا

بۆ فاتمە

شیعری حەمید کەشکۆلی

(تیبینی: ئەم کۆپلە شیعرانەم پیش دوو سال بۆ فاتمەیەکی دیکە نووسیون. کەواتە پیش تراژیدیەکەی کوژرانی فاتمەکەمان. لەو ساتەوە دەنگی ئەو گولەی غەدرە هەر لەگویمدا دەزرینگەتەوە و پیم رادەگەیینی کە فاتمەکان هەموویان پرۆژە کوشتنن. کەچی هەر چرکەیەك رادەچلەکیم و هاوار دەکەم نە، نە، هەرگیز نە!. . ح. ك)

رەشەبا سەرم شانە دەکات،
کیسەل لە دلمدا خەوتوون،
گەلای پایز دەمپوشن،
ئەمن ناکارم لەو ریزە چیا قاقرەوە، بۆ ناو میرگ و گولزاران ئەودیو بم.
فرمیسکم کریستالی شەختەگرتووە،
زەنگیانەوخشلی تیهەلکیشراوە بە دەمارەکانمەوە.
ئەسپگەلیك باریان زۆر گرانە، بۆ فەزایە بەرینەکان هەلمناگرن،
زەردەخەنەکانم مروارین، بە ملیانەوەم هەلواسیوە و ئارەقەی یالەکانیان دەسرمەوە.
لە ناو روناکاییدا مەلە دەکەم،
پەری و دوایی هەر پەری، پیش ئەوەی بیانبینم، دەسەملانی تەمومژ دەبن،
بالی رەش رەش بۆ دوور هەلمدەگرن، و
دلم لە نیو نوینی بۆق بەجی دیلن.

ویستگەکانی رۆح
ئاسمانان بەسەر "سلیمانی" کرانەوەو،
ئەمیرەکەمیان نیشاندە سەر عەرشی مەلەکوت،
لە ناو بیدەنگییە چەتوونەکەی دلمدا زانیم مردنیش هەقە و
پەریان دەورەیان داوم.
سیبەری پەری بە سەریدا دەنیشن،
دەمیك ناوی دینم، ئارەزووی باوەش دەکەم و
حەزدەکەم بە زمان، باقەیەکی نوور لەسەر روومەتی مانگ لابدەم،
پەریان دین و لەبەرچاوم دەیکەنە ئاونگ،
منیش بۆ داریك باویشك دەدا.
****
لە چاوی تۆدایە نووری پاك و دلی روحی زولال،
لە چاوەکانتدا روحی من بەگول خۆی شوشت و بە رازو نیاز،
و شاکەشکە بوو،
روخساری تۆ بەفرو گولە،
پەردەی دلم لە تۆزی بالتدا پیرۆزم دەکا.
****
رۆشنایی خۆر دەرواو

هەلسورانەوەی تۆ دەمسورینی،

هەناسەت شەختەی روحی تاریکم دەتاوینیتەوە، و

لەژیر سولاڤی هەنگوینی داچوراو لە سەرتەوە مەلە دەکا'

لە هەنگوینەکە تام دەکەم، برینیەکانم ساریژ دەبن.

***

بۆ قولایی بەحری روح دەچم،

سالانی من بەلەمن، تییدا پەرۆشن،

دەنگت لەدووررا تەیری دلم بەر دەدا، لە سینەمدا بالەفری دەکا و شەختە وردوخاش دەکا،

خۆ نوینی من لە نوین ناچی،

شەوان زارکی دەکاتەوە و

بەکەلبەکانی راوم دەنی،

کەچی بەربانگ، دەریا بە کینەو ترسیکی مەزن لیواولیوم دەکا.

***

رەشەبا پرچی باخەکان دەلاوینی،

عاشقان مەستن، لە بەینی دارەکاندا کەس نابینن،

ئەتۆش بۆ هیلانەکەت دەگەرییتەوە،

بەردەکانیش لەجیی خۆیان لە دلمدا دەنیشنەوە،

گەرمن، هیشتا گەرمن،

گەرمی دەستەکانتە لە سالانی مندالیت.